گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پەیوەندییە سیاسییەکانی دەولەتی سەفەوی لەگەڵ روسیای تەزاری لەسەردەمی شا عەباسی یەکەم ( 1587 – 1629ز)

**پ.د. خەلیل عەلی موراد**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

khalil.murad@su.edu.krd

**م. مستەفا محەمەد کەریم**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

mustafa.karem@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢١/٤/٥

پەسەندکردن: ٢٠٢١/٥/١٠

بڵاو کردنەوە: بەهاری ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**

Safavid, Russia, alliances, politics, delegation, relations.

Doi:

10.25212/lfu.qzj.6.2.07

## پوختە

پەیوەندییە سیاسییەکانی هەر وڵاتێك لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویدا، دەکرێت بکرێتە پێوەرێک بۆ زانینی بەهێزی یا لاوازی ئەو ولاتە لەبوارەکانی ( سیاسی یاخود ئابوری). دەولەتی سەفەوی لەماوەی فەرمانراوایەتی شا عەباسی یەکەم لە ڕەوشێکی باڵای پەیوەندی سیاسیدا بووە. بەشێوەیەك پەیوەندییەکانی دەولەتی سەفەوی پەلیهاوێشت بۆ ئەوروپا، کە هۆکارەکانی جوگرافیا بەهیچ شێوەیەك نەبوونە بەربەست لەبەردەم دروستکردنی پەیوەندی ( سیاسی – ئابووری) لەگەڵ ئەم ولاتانە ، ئەگەر چی دەرئەنجامی پەیوەندییەکان بۆ شا عەباسی یەکەم لەرووی سیاسییەوە دلخۆشکەر نەبوویێت، بەلام توانرا تارادەیەك بناغەی پەیوەندی دۆستایەتی هاوکاری ئێران لەگەڵ ولاتانی ئەوروپا بەگشتی و روسیای تەزاری بەتایبەتی بکاتەوە، ئەمەش بە یەکێک لە سیما دیارەکانی ماوەی فەرمانراوایی ناوبراو دادەنرێت. توێژینەوەکە شەن و کەوی چەند لایەنێکی گرنگیان کردووە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە سیاسەتی دەرەوەی دەولەتی سەفەوی هەیە لەگەڵ روسیای تەزاری وەك ئاڵوگۆری شاندە سیاسییەکان ، ناردنی نامەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیاسی و بەستنی هاوپەیمانی دژ بەدەولەتی عوسمانی. ،هەروەها ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەبووە لەسەر گرنگیدانی هەردوو ولات لە برەودان بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان بە بەراوردکردن لەگەڵ جۆری پەیوەندییەکە بەر لەحوکمرانی شا عەباسی یەکەم.

## پێشەکی:

شا عەباسی یەکەم(1587 – 1629ز) پاش ئەوەی دەسەلات لە ئیران وەردەگرێت، ئیتر ماوەیەکی گەش ودیار لە پەیوەندییەکانی دەولەتی سەفەوی لەگەڵ ولاتانی ئەوروپا دەست پیدەکات، کە بە یەکێك لە لایەنە پرشنگدارەکانی مێژووی پەیوەندییەکانی ئەو دەولەتە دادەنرێت، چونکە لەرێگای ئەو پەیوەندییەوە ناوبراو توانی خزمەتێکی گەورە بە زامنکردنی سیاسەتی دەولەتی سەفەوی بکات لە هەموو لایەنەکانی سیاسی – ئابووری – سەربازی. شای سەفەوی زیاتر لە جارێك نێردراوی لەگەڵ روسیا ئالوگۆرکردووە، هەرچەندە شا عەباسی یەکەم هەولیداوە پەیوەندییەکان زیاتر لەبۆتەی سیاسی بخولێتەوە، بەمەبەستی راکێشانی ئەو ولاتە لەپێناو بەستنی هاوپەیمانی سیاسی دژ بە دەولەتی عوسمانی، بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئامانجەش شای سەفەوی هەولیداوە لەرێگای پێدانی جیاوك بەو ولاتە سوود وەربگرێت لەگەشانەوەی سیاسی و ئابوری دەولەتی سەفەوی کە لەسەردەمی شا عەباسی یەکەم بەتەواوەتی پایەکانی دەسەلاتی لەسەر جێگیر کردبوو، بەلام ئەوەی جێگای تێرامانە سەرەرای ئەو ئاسانکاریانە بۆ ولاتانی ئەوروپی بە شێوەیەکی گشتی و روسیا بەتایبەتی لەلایەن دەولەتی سەفەوی، ئەوا ئیتر لەماوەی چل و دوو سالەی حوکمرانی شا عەباسی یەکەم، هیچ کات ئێران لەگەڵ روسیا نەگەیشتوونەتە هاوپەیمانی کردەیی راستەقینە، بەلکو جگە لەبازنەی ئالۆگۆری شاندەکان ( سیاسی- بازرگانی) هیچی تری لێ بەدینەهێناوە.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە،لەلایەك دەگەرێتەوە بۆ گرنگی ئەو ماوە مێژوویە کەپرە لەرووداوی جۆراو جۆر کە پێویستە زۆر بە وردی توێژینەوەیان لەسەر بکرێت ،لەلایەکی دیکەوە ئارەزووەکانی توێژەر لەلێکۆڵینەوەی مێژووی ئێران هاندرێکی دیکە بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا پەیوەندییەکانی (ئێران– روسیای تەزاری) بەر لە فەرمانڕاوایەتی شا عەباس خراوەتە بەرباس، بەتایبەت تیشك خراوەتە سەر

پەیوەندییەکانی دەولەتی سەفەوی و روسیای تەزاری لەسەرەتای دروست بوونی دەولەتی سەفەوی تا دورخستنەوەی شا محەمەد خودابەندە لەدەسەلات لەسالی 1587ز، کە ئەم ماوە مێژوویە دەرخەری چەندین ئالوگۆری نیردراوە لەنێوان هەردوو ولات. هەرچی تەوەرەی دووەم ، تەرخانکراوە بۆ باسکردن لەبارەی پەیوەندییەکانی شا عەباسی یەکەم و روسیای تەزاری ( 1588 – 1605ز) لە سەرەتاشدا ئاماژە بە پەیوەندییەکانی هەردوو ولات کراوە لەسەرەتای حوکمرانی شا عەباسی یەکەم، پاشان تیشك خراوەتە سەر هێوربوونەوەی پەیوەندییەکان بەتایبەت لەسەردەمی تەزاری روسیا بۆریس گودونف کە رۆلی سەرەکی گێراوە لەدروستکردنی هاوپەیمانی سێقۆلی (سەفەوی – روسیا – ئیمبراتۆریەتی رۆمانی پیرۆز) دژ بەدەولەتی عوسمانی و دەرئەنجامەکانی لەسەر پەیوەندییەکانی روسیا و دەولەتی سەفەوی . سەبارەت بە تەوەری سێیەم بەناونیشانی نیوەی دووەمی فەرمانڕاوایی شا عەباسی یەکەم و تێکچوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ روسیای تەزاریدا ( 1613 – 1629ز)، لەسەرەتای ئەم تەوەرەدا باس لەبارودۆخی ناوخۆیی روسیای تەزاری کراوە لەدوای مردنی بۆریس گودونف و کاریگەرییەکانی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی روسیا، پاشان تیشك خراوەتە سەر پەیوەندییەکان لەدوای وەرگرتنی دەسەلات لەلایەن میخائیل رۆمانۆف ، کە روسەکان خوازیاری پتەوکردنی پەیوەندی سیاسی بوون لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی.

پشت بە چەندین سەرچاوەی جیاواز لەم توێژینەوەیەدا بەستراوە. لەپێش هەمووشیانەوە لەوانە بەرگی دووەمی پەرتوکەکەی نەسروللا فەلسەفی بەناونیشانی (زندگانی شاه عباس اول) کە لە تەواوی توێژینەوەکە توێژەر گرنگی پێداوە، چونکە نووسەر باس شا عەباسی یەکەم دەکات لە هەموو گۆشەکانی ژیانی، بەتایبەت تر بەووردیی دیراسەی پەیوەندییە سیاسییەکانی لەگەڵ ولاتانی ئەوروپا خستۆتەروو، بەلام ئەوەی بووەتە مایەی رەخنە گرتن لە سەرچاوەکە، نووسەر لەکاتی باسکردنی هەر بابەتێك ئاماژە بەسەرچاوەی پالپشت ناکات. هەروەها توێژەر گرنگی داوە بە پەرتوکەکەی محمد علی جمالزادە کە تایبەتە بە پەیوەندییەکانی ئێران رووسیا، لە سەدەی نۆیەم تا سەدەی هەژدەی زاینی، بەلام زیاتر جەخت کراوەتەوە لەبەشی دووەمی ئەم سەرچاوەیە کە باس لەپەیوەندییەکانی دەولەتی سەفەوی دەکات لەگەڵ رووسیای تەزاری بەشێوەیەکی پوخت لەسەردەمی فەرمانراوایەتی شا عەباسی یەکەم. هەرچی پەرتوکوکوە امیر حسین برازش ، بەناونیشانی (روابط سیاسی – دیپلماتیك

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ایران و جهان در عهد صــفويه)، لەتوێژینەوەکەدا گرنگی تایبەتی پێدراوە، بەتایبەت بەشــی شــازدەهەمی ســەرچاوەکە، بەهۆی دیاریکردنی پەیوەندیەکانی دەوڵەتی ســەفەوی لەگەڵ روســیا کەبەشـێوەیەکی بابەتیانە شـرۆڤەی کردووە ،بەتایبەت باسـکردنی پەیوەندییەکانی ئەو ولاتە لەگەڵ دەولەتی سەفەوی لەماوەی 42 سال حوکمرانی شا عەباسی یەکەم.

**تەوەری یەکەم/پەیوەندییەکانی(ئێران[1]–روسیای تەزاری)بەر لەفەرمانڕاوایەتی شاعەباس**

زۆربەی سەرچاوە فارسییەکان ئاماژە بە پەیوەندی لەپیشینەی ئەم دوو ولاتە دەکەن و پەیوەندییەکان دەگەرێنەوە بۆ ســەرەتای دروســت بوونی دەولەتی ســەفەوی، کە دامەزرێنەری ئەم دەولەتە ( شــا ئیسـماعیلی یەکەم / 1501 – 1524ز) پەیوەندی هەبووە لەگەل زنجیرە بنەمالەی روريك لە روسیا، بۆ ئەم مەبەسـتەش شـای سـەفەوی لەسـالی 1521ز نێردەی تایبەتی خۆی ناردووە بۆ لای فاسـیلی سـێیەم(1505 – 1533 /VasiliIII)  میری گەورەی مۆسـکۆ، هەرچەندە هیچ سـەرچاوەیەك ئاماژە بەناوی نێردراوەکە و مەبەستی سەردانەکە ناکەن، بەلام دەتوانرێت ئەوەی لێ بخوێندرێتەوە کە ئەم نێردەیە مەبەســتی ســەرەکی بریتی بووە لەبەرقەرارکردنی هاوپەیمانی نێوان هەردوو ولات دژ بەدەولەتی عوسمانی و جەختکردنەوە لە رێگای بازرگانی ( سەفەوی – روسیا) کە هەناردەی کەلوپەلی دەولـەتی ســـەفـەوی بـەنـاو خـاکی دەولـەتی عوســـمـانی بـەربـەســـتی بۆ دروســـتکرابوو لـەلایـەن عوسمانییەکان.(Matthe,1999: 28)

لەسەردەمی فەرمانراوایەتی شا تەهماسبی یەکەم(1524 – 1576ز) پەیوەندییەکانی هەردوو ولات بەرەوپێشــچوونێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەت ســەردەمی فەرمانراوایی ناوبراو هاوکات بوو لەگەڵ فراوانخوازییەکانی تەزاری روسـیا ئیڤانی چوارەم(1533 – 1584 / Ivan IV )، بۆ ئەم مەبەســتە شــا تەهماســبی یەکەم لەماوەی ســالانی ( 1552 – 1554ز) دوو شــاندی جیاواز بەســەرۆکایەتی هەریەکە لە ســەید حەســەن و عەبدوللا خان ئۆســتاجلۆ رەوانەی دەرباری تەزاری روسـیای کرد لە مۆسـکۆ بۆ دوو مەبەسـتی جیاواز، سـەبارەت بە شـاندی یەکەم لەسـالی 1552ز بە ســەرۆکایەتی ســەید حەســەن زیاتر جەختکردنەوە بوو لە بەســتنی هاوپەیمانی هەردوو ولات دژ بەدەولەتی عوسـمانی، بەلام مەبەسـتی شـاندی دووەم کە لەسـالی 1554ز روویانکردە مۆسـکۆ داوا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردن بوو لەتەزاری روسیا بۆ پەرەپێدانی زەمینەی بازرگانی و پەیوەندییەکانی هەردوو دەولەت .(Matthe,2003: 105).

تەزاری روسیا خوازیاری پێشکەوتنی ئەو پەیوەندییانە بوو، چونکە رووسەکان کەوتنە بیرۆکەی ئەوەی کە بازاری پر سوودی ئێران تەنها قەتیس نەبێت بۆ عوسمانی و پورتوگالییەکان، بەتایبەت بەرهەمی ئاوریشم کە لەناوچەکانی شیروان گەیلان لەنزیك سنوورەکانی روسیا بەرهەم دەهاتن، بۆ ئەم مەبەستە رووسەکان هەولەکانیان چر کردەوە بۆ ئەوەی بەشێك لەبەرهەمەکانی هەناردەی دەولەتی سەفەوی بەتایبەت ئاوریشم لە رێگای زەمینی روسیا هەناردەی ئەوروپا بکرێت بۆ ئەوەی ئەوانیش لەبەشێك لەقازانجەکانی سوودمەند بن(تاج بخش، 1362: 6).

هەرچەندە رووسەکان تا سالی 1569ز لەروانگەی رەهەندی بازرگانیەوە دەیانروانیە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەولەتی سەفەوی، بەلام هەر لەو سالەدا تێروانینی رووسەکان گۆڕانی بەسەرداهات، بەشێوەیەك لەپەیوەندی بازرگانی گۆڕا بۆ پەیوەندی سیاسی – سەربازی، هۆکارەکەشی دەگەرایەوە بۆ هەرەشەکانی دەولەتی عوسمانی کە لەسالی 1569ز بە فەرمانی سولتان سەلیمی دووەم بەمەبەستی سیاسی و ئابووری هەنگاوی هەلهێنا بۆ داگیرکردنی ئەستراگۆن و کەنالی نێوان دوو رووباری دۆن و ڤۆلگا(Parry,1976: 111-112)، بەمەش رووسەکان دەسەلاتیان لەناوچەی قەفقاز بەتەواوەتی لەدەست دەدا، بەتایبەت هەردوو ناوچەی ئاسترخان و قازان، ئەمەش وایکرد رووسەکان هەولەکانیان چر بکەنەوە بۆ راکێشانی دەولەتی سەفەوی بۆ نێو ململانێیەکە(Vernadsky,Vol.5,1969: 119-120).

لەو بارەیەوە ئیڤانی چوارەم تەزاری روسیا شاندێك بەسەرۆکایەتی دولمیت کارپیڤیچ (DulmetKarpivich)لەسالی 1569ز رەوانەی دەرباری سەفەوی دەکات، لەگەل پێشکەشکردنی 30 تۆپی ئاگرین بە شێوازی جیاواز و چوار هەزار تفەنگ و ناردنی 500 تفنگچی لێهاتوو لەگەل شاندەکە بەمەبەستی راهێنانی سوپای سەفەوی، لەم رووەوە سەرۆکی شاندی روسیا بە روونی شا تەهماسبی یەکەمی راگەیاند ئەگەر دەولەتی سەفەوی وەك هاوپەیمان لەگەل روسیا بێتە پێشەوە، ئەوە تەزاری روسیا بەلێنی داوە هەر جۆرە چەکێك لە ئەلمانیا وەربگرێت بەدەولەتی سەفەوی دەفرۆشێت، سەرەرای ئارەزووەکانی شای سەفەوی لەبەستی ئەو هاوپەیمانییەتیە بەلام

ڕێکەوتننامەی ئەماسیە[1] ڕێگر بوو لەبەردەمی، بۆیە خۆی لەداواکاری تەزاری روسیا بەدوورگرت(سیوری،1385: 108).

لەدوای مردنی شا تەهماسبی یەکەم لەسالی 1576ز تێکچوونی بارودۆخی ناوخۆیی دەولەتی سەفەوی لەرووی سیاسی و ئابووری و هاتنی هەریەکە لە شا ئیسماعیلی دووەم و محەمەد خودابەندە بۆ لوتکەی دەسەلاتی سەفەوی لەماوەی سالانی ( 1576 – 1578ز)، وایکرد دەولەتی عوسمانی لە ڕێکەوتننامەی ئەماسیا پاشگەز ببێتەوەو دەست درێژییەکانی بۆ ناوچەکانی رۆژئاوا و باکوری رۆژئاوای ئێران دەست پێبکاتەوە، ئەمەش شا محەمەد خودابەندە(1579- 1587ز)ی ناچار کرد لەبەرامبەر دەست دریژییەکانی دەولەتی عوسمانی داوای کۆمەك و هاوکاری لەتەزاری روسیا فیودۆر ئیڤانۆڤیچ (Feodor Ivanovitch / 1584 – 1598 ) ناسراو بە فیودۆری یەکەم بکات، بۆ ئەم مەبەستەش لەسالی 1586ز شاندێکی بە سەرۆکایەتی هادی بیگ رەوانەی مۆسکۆ کرد(جنابدی، 1378: 600 – 601 ؛ مهدوی، 2535: 54).

شاندی دەولەتی سەفەوی هەلگری نامەیەکی شای سەفەوی بوون بۆ تەزاری روسیا، لەناوەرۆکی نامەکەدا محەمەد خودابەندە تیشکی خستبووە سەر بیادنانی دۆستایەتی و هاوپەیمانی هەروەك لە پیشوودا لەنێوان باوانیان ئەم جۆرە دۆستایەتییە هەبووە ، هەروەها جەختی کردبووەوە لەوەی ئەگەر تەزاری روسیا کۆمەکیان پێشکەش بکات لەبەرنگاربوونەوەیان لە دژی سوپای عوسمانی ئەوە دەولەتی سەفەوی ئامادە دەبێت هەریەکە لە شارەکانی دەربەند و باکو بدات بە روسیا(حسام معزی،1366: 331-332 ؛ کولاگینا و دونایوا، 1388: 6).

تەزاری روسیا سەرەرای پیشوازی کردن لەشاندی دەولەتی سەفەوی، بەلام نەیتوانی داواکەی شای سەفەوی جێبەجێ بکات، چونکە ئەوکات روسیا دەینالاند بەدەست دوو گرفتی گەورە لەوانە تازەکی روسیا لەجەنگێکی بەرفراوان و پر خەرجی لەبەرامبەر پۆلەندا دەرچوو بوو، هەروەها لەناوخۆشدا لەناوچە جیاوازەکانی ئیمپراتۆریەتی روسیا، چەندین یاخی بوونی ناوخۆیی بەرۆکی تەزاری روسیای گرتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا تەزاری روسیا بریاریدا بەناردنی شاند بۆ دەرباری سەفەوی بەمەبەستی بەدواداچوون بە پێشنیارەکانی شای سەفەوی(Matthe,1999: 77 ؛ جمالزادە، 1372: 113)، شاندی روسیا بەسەرۆکایەتی گریگوری ڤاسیلیچیکۆف(Gregori vassiltchikoff) لەسەر راسپاردەی تەزار

فیودۆری یەکەم لەسالی 1588ز رووبانکردە دەولەتی سەفەوی، بەلام شاندەکە هەر بەگەیشتنیان بە شاری گەیلان گوێبیستی هەوالی دوورخرانەوەی محەمەد خودابەندە بوون لە پۆستەکەی وەك شای سەفەوی و لەجێگای ئەودا شا عەباسی یەکەم وەك شای نوێ دەست بەکاربوو ( :Korpela,2019 127).

**تەوەری دووەم/ پەیوەندییەکانی شا عەباسی یەکەم و روسیای تەزاری ( 1588 – 1605ز)**

شاندەکەی رووسیا پاش ئەوەی گوێبیستی هەوالی دوورخرانەوەی محەمەد خودابەندە بوون وەك شای سەفەوی هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدراوە ، هەر لەشاری گەیلان گریگوری ڤاسیلیچیکۆف سەرۆکی شاندی روسیا تایتڵی نامەکەی تەزاری روسیای گۆڕی کە ئاراستەی محەمەد خودابەند کرابوو بۆ ناوی شا عەباسی یەکەم، پاشان لەناوەراستی سالی 1588ز لەگەیلانەوە رووبانکردە شاری قەزوین کە ئەوکات پایتەختی دەولەتی سەفەوی بوو(بیانی،1318: 93)، پاشان شاندەکەی روسیا لە نیسانی 1589ز لەکۆشکی چل ستونی قەزوین دوای بەجێگەیاندنی مەراسیمی رێزلێنان چاویان کەوت بە شا عەباسی یەکەم، پاشان لەلایەن سەرۆکی شاندەکە دیاری و نامەیەکی تایبەتی تەزاری روسیا فیودۆری یەکەم پێشکەش بە شا عەباسی یەکەم کرا(فلسفی، زندگانی... ، جلد دوم،1391 :1070 )، ناوەرۆکی نامەکەی تەزاری روسیا زیاتر جەختکردنەوە بوو لەسەر توندتۆلکردنی پەیوەندی هەردوو ولات و داواکردنی هەردوو ناوچەی دەربەند و باکۆ بەروسیا لەسەر پێشنیاری نامەکەی شا محەمەد خودابەندە(جمالزادە، 1372: 119).

شا عەباسی یەکەم سەبارەت بە ناوەرۆکی نامەکەی تەزاری روسیا، تارادەیەك وای نیشاندا کە دەولەتی سەفەوی سەبارەت بە پێدانی هەردوو ناوچەی دەربەند و باکۆ لەسەر بەلێنەکانی سوورە، رەنگە ئەو هەلوێستەی شا عەباسی یەکەم لەوە سەرچاوەی گرتبێت کە ئەو دوو ناوچەیە ئەوکات لەژێر دەسەلاتی سوپای عوسمانیدا بوو، بۆیە دەیویست لەرێگای رەزامەندی نواندن بەپێدانی ئەو دوو ناوچەیە، سوود لەم دەرفەتە وەربگرێت وهاوپەیمانی ببەستێت لەگەڵ و رووسەکان بەمەبەستی پەلکێش کردنیان بۆ ناو جەنگ دژ بەدەولەتی عوسمانی(برازش، 1392 : 496).

هەر ئەمەش وایکردبوو کە روسیا ببێتە جێگای سەرنجی شا عەباسی یەکەم ، بۆیە هەولی زۆری داوە بۆ ئەوەی پەرە بە پەیوەندییە سیاسی و ئابووریەکانی لەگەڵ ئەو ولاتە بدات، ، بەهەمان

شـێوەش روسـیا خوازیار بوو بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی سـەفەوی، چونکە فراوانخوازییەکانی دەوڵەتی عوسـمانی لە رۆژهەڵاتی قەفقاز و داگیرکردنی گورجسـتان و شـێروان داغستان مەترسی روسیا رووی لەزیادبوون کرد بەتایبەت پاش نزیك بوونەوەی سوپای عوسمانی لە سنوورەکانی روسیا لە باشوور.(Vernadsky,Vol.5,1969: 302)

لەم رووەوە شـا عەباسـی یەکەم بۆ جێگیرکردنی پەیوەندییەکانی هەردوو ولات و نیشـاندانی نیەت پاکی دەوڵەتی سەفەوی ، هەر لەهەمان سالدا شاندێکی سیاسی بە رێبەرایەتی هەریەکە لە هادی بیگ و بوداق بیگ رەوانەی روسـیا کرد بەمەبەسـتی گەیاندنی نامەیەك بۆ تەزاری روسـیا (نوایی، ایران....، ،ج1، 1366 : 339)، شـاندەکە لەسـالی 1590ز توانیان لەکۆشـکی کرملین چاویان بکەوێت بە فیودۆری یەکەم و نامەو دیارییەکانی شـای سـەفەوی پێشـکەش بکەن(جمالزاده، 1372: 119 ؛ فلسفی، زندگانی... ، جلد دوم،1391 :1071).

ناوەرۆکی نامەکەی شـا عەباسـی یەکەم بریتی بوو لەجەختکردنەوە لە پەیوەندی هەردوو ولات و رەزامەندی نواندن بەپێدانی هەردوو ناوچەی دەربەند و باکۆ بەروسیا لە بەرامبەر بەستی هاوپەیمانی سیاسی – سەربازی دژ بەدەوڵەتی عوسمانی، بەلام وەلامدانەوەی کاربەدەستانی روسیا بەدڵی شاندی دەوڵەتی سەفەوی نەبوو، چونکە بەروونی رایانگەیاند کە پێویستە شای سەفەوی بەبێ هیچ مەرجێك رەزامەند بێت بە پێدانی دەربەند و باکۆ بە روسیا (نوایی،روابط....، 1377 : 208)، لەحالەتێکدا ئەگەر روسـیا نەبێتە هاوپەیمانی دەوڵەتی سـەفەوی و بەشـداریش نەبێت لەهەر کردەیەکی سـەبازی دژ بەدەوڵەتی عوسمانی، ئەمەش وایکرد شاندی دەوڵەتی سەفەوی بە راشکاوانە رایبگەیەنن کە پێدانی هەردوو ناوچەکە ئەوکاتە دەچێتە بواری کردەیی ئەگەر مەرجەکانی شـا عەباسـی یەکەم جێبەجێ بکرێت(برازش، 1392 : 498).

رەنگە ئەم هەلوێسـتە بێباکانەی کاربەدەسـتانی روسـیا بگەریتەوە بۆ ئاگاداربوونیان لەخراپی بارودۆخی سـیاسـی و سـەربازی دەوڵەتی سـەفەوی لەسـەرەتای حوکمرانی شا عەباسـی یەکەم کە تووشـی بـارودۆخـێـکی نـاهەمـوار بـۆوە، چـونـکە لەبەری رۆژئـاوا و بـاکـوری رۆژئـاوا زۆربەی ناوچەو مەلبەندەکان لەلایەن سـوپای عوسـمانیەوە کۆنترۆل کرابوو، هەرچی بەرەی رۆژهەلاتیشـە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نیوەی مەلبەندی خۆراسان لەلایەن ئۆزبەکەکان تووشی پەلامارو داگیر کردن هاتبوون(Perry,1997:116) .

شا عەباسی یەکەم بەهۆکاری درەنگ کەوتنی شاندەکەی سەفەوی وبێ هیوا بوون لەناردنی کۆمەکی سەربازی لەلایەن روسیاوە، بیری لەوە کردەوە کە رێکەوتننامەیەکی ئاشتی کە ناسراوە بە پەیماننانەی فەرهادپاشا(ئەستانە) لەسالی 1590ز لەگەڵ دەولەتی عوسمانی لەبەرەی رۆژئاوا ببەستێت(کجباف و دیگران، 1397: 6), هەرچەندە رازی بوون بەو پەیماننامەیە لەهەل ومەرجێکی ئەوهادا، ریسواکەرو پر سوکایەتیە کە نیشاندەری جێگەو پێگەی لەرزۆکی شا عەباس بوو لەوکاتدا, بەلام بۆ رووسەکان گورزێکی کەمەرشکێن بوو، چونکە بە گوێرەی پەیماننامەکە , شا عەباسی یەکەم وازی لەتەبریز و قارس و نەخجەوان و شماخی و تەفلیس وبەشێك لە لورستان بۆ دەولەتی عوسمانی هێنا ( مشکور,1372 : 274 ؛ سیوری,1385 : 75), بێگومان ئەمەش مەترسییەکانی رووسیای زیاتر کرد, چونکە سوپای عوسمانی بەتەواوەتی لەسنوورەکانی روسیا نزیك بوونەوە .

پەیماننانەی فەرهادپاشا(ئەستانە) تارادەیەك کاربەدەستانی روسیای لە شا عەباسی یەکەم زویر کرد، دیارە شا عەباسی یەکەم لەسالی 1593 دوو شاندی رەوانەی مۆسکۆ کرد، بەلام لەلایەن تەزاری روسیا داواکارییەکانی شای سەفەوی پشتگوێخران، بەتایبەت شاندەکەی دەولەتی سەفەوی بە سەرپەرشتی حاجی خەسرۆخان کە لەسالی 1593ز سەردانی مۆسکۆی کرد، بەمەبەستی پێشکەشکردنی داوایەکی شا عەباسی یەکەم بەکرینی چەك لەروسیا، بەلام داوایەکە لەلایەن کاربەدەستانی مۆسکۆ رەتکرایەوە(جمالزادە، 1372: 133).

هەروەها لەدوای ئەم شاندە، شا عەباسی یەکەم لە سالی 1594ز شاندێکی بازرگانی بەسەرپەرشتی هەریەکە لە حاجی ئەسکندەر و حاجی محەمەد ناردە مۆسکۆ بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکان بەتایبەت کارە دەستییەکانی هەردوو ولات، کەچی تەزاری روسیا بەبیانووی لەدەستدانی کچەکەی ئامادەنەبوو پێشوازی لەشاندی دەولەتی سەفەوی بکات(ولایتی،1374: 200). بێگومان ئەمەش دەرخەری ئەو راستییەن کە کاربەدەستانی روسیا تا چ رادەیەك لە رێککەوتننامەی ( سەفەوی – عوسمانی) بێزاربوون .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگەڵ ئەو نارەزایەتی دەربرینەش ، کەچی روسیا بەتەواوەتی کەنالەکانی پەیوەندی لەگەڵ دەولەتی سەفەوی نەبڕی، چونکە کاربەدەستانی روسیا بەتەواوەتی دەرکیان بەوە کردبوو کە دەولەتی سەفەوی پێویستیەکی لەرادەبەدەری سیاسییە بۆ ولاتەکەیان(کولاگینا و دونایوا، 1388: 6)، بۆ ئەم مەبەستە لەسالی 1594ز فیودۆری یەکەم تەزاری روسیا دەستەیەکی سیاسی – دبلۆماسی رەوانەی دەرباری سەفەوی کرد بەسەرپەرشتی ئاندری دمیتریڤیچ زڤینیگۆرۆدسکی (Andrei Dmitrievich Zvenigorodski)، کە پێکهاتبوون لە شەست و سێ کەس بۆ دوو مەبەستی سەرەکی (حسام معزی،1366: 355) ، یەکێك لەو مەبەستانە گەیاندنی نامەیەکی رەخنەئامێزی تەزاری روسیا بوو بۆ شا عەباسی یەکەم کە خوازیار بووە لە راستی و دروستی ئاشتی نێوان دەولەتی سەفەوی و عوسمانی لەخودی شا عەباسی یەکەم ئاگادار بێت، بۆیە لەنامەکەی بۆ شا عەباسی یەکەم دەلێت" ........ **بیستمان تۆ لەگەڵ سولتانی عوسمانی رێککەوتنت ئەنجامداوە، ئەم هەواڵە بووەتە جێگای سەرسوڕمانی ئێمە، چونکە لەلایەك لەگەڵ ئێمە رێککەوتن دەکەیت دژ بە عوسمانییەکان و لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ ئەو ولاتە پەیماننامەی ئاشتی دەبەستیت، بۆیە شاندم ناردووە تا لەراستی ئەو کارەت بزانم"**(بیانی، ج1، 1329 : 306).

لەلایەکی دیکەوە مەبەستی دووەمی شاندی روسیا بریتی بوو لە ئاگادارکردنەوەی شا عەباسی یەکەم بەوەی کە تەزاری روسیا خوازیارە کە شای سەفەوی لە رەوانەکردنی شاندی سیاسی یاخود بازرگانی رەچاوی یاسا نێودەولەتییەکان بکات و کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو هەلبژێرێت، چونکە بۆ ئەنجامدانی کاری دبلۆماسی ناکرێت کەسانێك دەستنیشان بکرێت کە کەسایەتی هەرەمەکی و بێ ئەزموون بێت لە دانووستاندنی سیاسی(نوایی، ایران....، ج1، 1366 : 438).

رەنگە مەبەستی تەزاری روسیا لەو بابەتە زیاتر بگەرێتەوە بۆ ئەو نێردراوەی شا عەباسی یەکەم کە لەسەرچاوە رووسیەکاندا بە ناوی (کای) هاتووە و لەسالی 1592ز دەچێتە مۆسکۆ و دیدار لەگەڵ تەزاری روسیا ئەنجام دەدات، بەلام سەرۆکی ئەو نێردەیە هەر زوو نەبووە جێگای رەزامەندی فیودۆری یەکەم، چونکە لەستایلی نێردراو ئادابەکانی دەرچووە(بیانی، ج1، 1329 : 305)، هەروەها بەهەمان شێوە تەزاری روسیا نارەزایەتی خۆی دەربریبوو لە ناشارەزایی و بێ ئەزموونی هەریەکە لە حاجی ئەسکندەر و حاجی محەمەد لەدانوستاندن و گفتوگۆی سیاسی(برازش، 1392 : 502).

سەرەرای رەخنە توندەکانی تەزاری روسیا، بەلام شا عەباسی یەکەم بەگەرمی پێشوازی لەشاندەکە کرد، پاش تاوتوێکردنی کێشەکان لەسالی 1596ز مۆلەتی گەرانەوەی شاندەکەیدا بۆ ولاتەکەیان(وحید قزوینی،1383: 131)، دەکرێت بلێین ئەم نەرمی نواندنەی شا عەباسی یەکەم پەیوەندی هەبووە بە خراپی بارودۆخی ناوخۆیی دەولەتی سەفەوی لەهەلگەرانەوەی فەرمانراوای هەرێمەکان بەتایبەت لەوکاتەدا پەشێوییەکانی ناوچەی لورستان و هەلگەرانەوەی شاوێردی خان لە دەسەلاتی ناوەندی کە کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر خودی شا عەباسی یەکەم، چونکە شوێنە جوگرافییەکەی لورستان هاوسنوور بوو لەگەڵ دەولەتی عوسمانی (Yaghobi and Yari, 2012: 3014).

شا عەباسی یەکەم پەیماننانەی فەرهادپاشا(ئەستانە)ی لەگەڵ دەولەتی عوسمانی بەریسواکەرو پر سوکایەتی لەسەر دەسەلاتەکەی دادەنا، بەلام زۆر بە وریایەوە مامەلەی لەگەڵ باردودخەکە کرد، بەشێوەیەك خۆی دوورگرت لە پێدانی هەر بیانوویەك بەدەولەتی عوسمانی کە دەرفەتی لاوازی و پەشێوی دەولەتی سەفەوی بۆخۆی بقۆزێتەوە(پورایران،1384: 120-122)، بەلام لەهەمان کاتدا هەموو هەولێکی دەدا بۆ ئەوەی هاوپەیمانی ستراتیژی بۆ خۆی بدۆزێتەوە لەدژی دەولەتی عوسمانی، بۆ ئەم مەبەستە لەسالی 1597ز شاندێکی سیاسی بەسەرپەرشتی هەریەکە لە هادی بیگ و حاجی خەسرۆخان رەوانەی مۆسکۆ دەکات بەمەبەستی هێورکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ روسیا(برازش، 1392 : 503).

شاندی دەولەتی سەفەوی دوای گەیشتنیان بە مۆسکۆ، دوو پێشنیاری شا عەباسی یەکەمیان پێشکەش بەتەزاری روسیا کرد، لەوانە هەردوو ولات هەولەکانیان چر بکەنەوە بۆ ئەوەی بالوێزی هەمیشەیی لە پایتەختەکانیان دابنێن بۆ ئەوەی لەنزیکەوە پەرە بدەن بەهاوپەیمانی سیاسی – سەربازی دژ بەدەولەتی عوسمانی، هەروەها پێویستە هێزەکانی هەردوو ولات لە قەفقاز هێرش بکەنە سەر سوپای عوسمانی(جمالزادە، 1372: 134)، تەزاری روسیا بۆ وەلامدانەوەی شا عەباسی یەکەم شاندێکی سیاسی بەسەرۆکایەتی ڤاسیلی توفیاکین(Vassili Tufiakin)لەسالی 1598ز رەوانەی ئەسفەهان کرد بەمەبەستی تاوتوێکردنی پێشنیارەکانی شای سەفەوی،بەلام لەم سالەدا دوو پێشهات هاتنە پێش کەبوونە رێگر لەبەردەم جێبەجێ کردنی پێشنیارەکانی شا عەباسی یەکەم، لەوانە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەناوچوونی بەشێکی زۆری ئەندامانی شاندی روسیا بەهۆی بلاوبوونەوەی نەخۆشی لەنێویاندا کە لەکۆی 75کەس تەنها 3 کەسیان توانیان بگەڕێنەوە بۆ مۆسکۆ، هەروەها مردنی فیودۆری یەکەم تەزاری روسیا هەر لەوساڵە کاریگەری هەبوو لەسەر سەرنەکەوتنی هەوڵە دبلۆماسییەکان بۆ گەیشتن بە رێککەوتن(فلسفی، زندگانی... ، جلد دوم،1391 :1076- 1077 ؛ مهدوی، 2535: 67).

لەدوای مردنی فیودۆری یەکەم، دەسەلاتی روسیا دەکەوێتە دەست بۆریس گودونف(1598 – 1605ز) کە لەسەردەمی تەزاری پیشوو پۆستی سەدری ئەعزەمی هەبووە(کالیستوف و دیگران، 1361: 139-140)، پەیوەندییەکانی دەولەتی سەفەوی لەگەڵ روسیا لەسەردەمی تەزاری نوێ پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە، بەشێوەیەك هەر لەسەرەتای وەرگرتنی دەسەلات لەلایەن بۆریس گودونف، شای سەفەوی لەرێگای شاندێکی سیاسی کە پێك دەهات لە 300 کەسایەتی بە سەرۆکایەتی پیر قلی بیگ کوزیلو تەکەلۆ رەوانەی مۆسکۆ کرد(علی بیگ، 1338 :273-274)، بەمەبەستی گەیاندنی نامەی پیرۆزبایی و جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندییە دوو قۆلییەکەی نێوان هەردوو ولات، هەروەها داواشی کردبوو کە تەزاری نوێ بریار بدات لەسەر ناردنی شاندی سیاسی بۆ دەرباری سەفەوی بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان دژ بەدەولەتی عوسمانی.(Matthe,2003: 115)

سەرەرای گەورەیی شاندی دەولەتی سەفەوی، کەچی نەتواندرا هیچ دەسکەوتێکی سیاسی بۆ ئێران دەستەبەر بکەن، بەلکو لەلایەن کاربەدەستانی روسیا گرنگی ئەوتۆیان پێ نەدرا، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە سەرۆکی شاندەکە نامەیەکی نارەزایەتی بەتەواوی ملکەچیەوە پێشکەش بەتەزاری روسیا بکات( )، بێگومان ئەم کارەی ناوبراو شا عەباسی یەکەمی زۆر نارەحەت کرد، بۆیە لەکاتی گەرانەوەی ناوبراو لەساڵی 1600ز بەفەرمانی شا عەباسی یەکەم لەشاری کاشان چاوی کوێر کراو زمانیشی بردرا، بەمەش نەوەستا بەلکو ماڵ و مولکیشی بەخشیە حەیدەر بیگ قزلو(منجم یزدی،1366 :212).

شا عەباسی یەکەم لەساڵی 1600ز بەمەبەستی بەدەستهێنانی پشتیوانی ولاتانی ئەوروپایی دژ بەدەولەتی عوسمانی شاندێکی بەسەرۆکایەتی ئانتۆنی شێرلی و حوسێن عەلی بەیات بۆ ئەوروپا رەوانە کرد، شاندی دەولەتی سەفەوی سەرەتا لە ئەسفەهانەوە روویانکردە شاری مۆسکۆ، کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەلایەن تزاری روسـیا بوریس گودنف بەگەرمی پێشـوازی لە حوسـێن عەلی بێگ بەیات کراوە وەك نێردەی فەرمی دەولەتی سـەفەوی(شـرلی،1387 :89 - 91)، هەروەها ئامادە بوو لەسـەر پێشنیارەکانی شا عەباسی یەکەم شاندێکی سیاسی رەوانەی ئەسفەهان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش هەر لەهەمان سالدا شاندەکەی روسیا بە سەرپەرشتی ئەلکساندەر فیودۆروڤیچ زاسکین (Alexandre Feodorovich Zasiekin)رووبانکردە ئەسـفەهان(بیانی، ج1 ،1329 : 307)، کە هەلگری نامەیەکی تەزاری روسیا بوون بۆ شا عەباسی یەکەم کە تێیدا جەخت کرابۆوە لەسەر دوو خالی سەرەکی لەوانە بەرقەرارکردنی هاوپەیمانی سـیاسـی – سـەربازی لەنێوان دەولەتی سـەفەوی و روسـیا، هەروەها هەولدان بۆ دروسـتکردنی هاوپەیمانی سـێ قۆلی ( دەولەتی سـەفەوی – روسـیا – نەمسـا) دژ بەدەولەتی عوسمانی (جمالزادە، 1372: 155).

سـەبارەت بە داواکارییەکانی تەزاری روسـیا، شـا عەباسـی یەکەم تەواوی رەزامەندی دەولەتی سەفەوی دووپاتکردەوە، بۆیە لەنێوان سالانی 1600 – 1605ز شا عەباسی یەکەم دیدارەکانی چر کردەوە لەگەڵ نیردراوەکانی هەریەکە لە تەزاری روسـیا و ئیمپراتۆری رۆمانی پیرۆز بەمەبەسـتی جەختکردنەوە لە هاوپەیمانی سـێ قۆلی دژ بەدەولەتی عوسـمانی(مهدوی، 2535: 72)، لەم رووەوە شـا عەباسـی یەکەم لەسـالی 1604ز نیردەیەکی تایبەتی خۆی بەناوی مەهدی قلی بیگ رەوانەی مۆسـکۆ کرد، بەمەبەسـتی ئاگادارکردنەوەی تەزاری روسـیا لە رەوت و پەرەسـەندنەکانی جەنگ لە ئازەربیجان و ئەرمەنسـتان و دورخسـتنەوەی سـوپای عوسـمانی لەو ناوچانە کە تەزاری روسـیای زۆر دلخۆش کرد(فلسـفی، زندگانی... ،جلد دوم ،1391 :1080)، بۆیە ناوبراو لەکاتی بیسـتنی ئەو هەوالە بریاریدا بە ناردنی ژمارەیەك لە چەکدار لەگەڵ چەندین تۆپی ئاگرین بۆ سـوپای سـەفەوی، بۆ ئەوەی ببیتە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ سـەفەوییەکان کە درێژە بە گەمارۆدانی دەربەند بدەن کە لەژێر دەسـەلاتی سـوپای عوسـمانیدا بوو ، هەروەها جەختی لە نێرداوی دەولەتی سـەفەوی کردەوە کە پێویستە سوپای سەفەوی دەست لەجەنگ هەلنەگرێت تا تەواوی ناوچە داگیرکراوەکان وەرنەگرێتەوە (تکتاندر فن دریابل، 1351: 73).

شـیاوی باسـکردنە هەرچەندە شـا عەباسـی یەکەم تەواوی هەولەکانی خسـتبووەگەر بۆ گرێدانی هاوپەیمانی سـێ قۆلی، بەلام ئەم خەونەی نەهاتەدی(صـفاکیش، 1390 : 356)، چونکە لەلایەك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەزاری روسیا لەسالی 1605ز کۆچی دوایی کرد، لەلایەکی دیکەوە شا عەباسی یەکەم لەرێگای سیخورەکانیەوە هەوالی پەیماننامەی ئاشتی (سیتڤاتورك) لەسالی 1606 نێوان (رۆدلفی دووەم) ئیمپراتۆری رۆمانی پیرۆز و دەولەتی عوسمانی پێدەگات، ئەمەش شای ئێران زۆر بێزار دەکات و رایدەگەیەنێت کە پادشایانی ئەوروپا بە گۆتەو بەلینەکانی خۆیان پابەند نین(مهدوی، 2535 :81).

**تەوەری سێیەم/ نیوەی دووەمی فەرمانڕاوایی شا عەباسی یەکەم و تێکچوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ روسیای تەزاریدا( 1613 – 1629ز)**

لەدوای مردنی تەزاری روسیا بوریس گودنف لەسالی 1605ز ئاژاوەو پەشێوی ناوخۆیی لەسەر وەرگرتنی دەسەلات بەرۆکی روسیای گرتەوە، بەتایبەت دوای کوژرانی فیۆدۆری دووەم جێنشین و کوری تەزاری کۆچکردوو بەدەستی سوپای روسیا لەسالی 1605ز، رێگا خۆش بوو بۆ (دمیتری[3]) برای فیۆدۆری یەکەم دەسەلات لە روسیا بگرێتەدەست(560: Tucker, 2009)، بەلام خراپی بارودۆخی روسیا لەهەموو بوارەکاندا وایکرد پیاوماقولاتی دەربار لەروسیا لەسالی 1606ز دمیتری لەکۆشکی کرملین بکوژن و کەسێك بەناوی ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ چویسکی( Vassili Ivanovich Chwiski / 1606 - 1610) وەك تەزاری نوێ دەست نیشان بکەن(شانی نوف، 1383: 90 – 91)، سەرەرای ئەوەش شا عەباسی یەکەم بەردەوامیدا بە پەیوەندییە سیاسییەکانی لەگەڵ روسیا، بۆ ئەم مەبەستەش لەسالی 1607ز دوو نێردەی تایبەتی بەجیا رەوانەی مۆسکۆ دەکات، نیردەی یەکەم کە لەلایەن سەید عەزیم بیگ سەرپەرشتی دەکرا زیاتر بۆ مەبەستی ئاگاداری لەبارودۆخی سیاسی روسیا و ئایندەی پەیوەندییەکانی هەردوو ولات لەدوای مردنی بۆریس گودونف بوو، بەلام نێردەی دووەم کە موجیب بیگ رێبەرایەتی دەکرد بۆ گەیاندنی نامەیەکی شا عەباسی یەکەم بوو بۆ تەزاری نوێی روسیا، کە لەناوەرۆکی نامەکەدا شای سەفەوی رایگەیاندبوو کە" .... **شاری شەماخی بەتەواوەتی لەسوپای عوسمانی پاککراوەتەوە، هەرکاتێك روسیا پێویستی بەم شارە بێت، ئەوە دەولەتی سەفەوی لە گەراندنەوەی بۆ روسیا بەربەست دروست ناکات، چونکە ئێمە دۆستی یەکترین، مەرجی دۆستایەتیش هەر ئەوەیە کە ئێمە ئەنجامی دەدەین"** (ولایتی،1374: 204؛ Matthe,2003: 117 ).

شـــیاوی باســـکردنە پەیوەندییەکانی هەردوو ولات تارادەیەك هێلی راســـتی خۆی گرتبوو، بەلام لەنێوان سالانی 1610 – 1613ز، پەیوەندییەکان بەتەواوەتی پچران، چونکە لەوماوەیەدا روسیا لە شەرەکانی لەگەڵ پۆلەندا شکستی خوارد و تەزاری روسیا وەك دیل کەوتە دەست پۆلەندییەکان، بۆیە روسیا لە ماوەی سالانی( 1610 – 1613ز) لەلایەن ولادیسلاو (Wladislaw)کوری سیگیسمۆندی سێیەم(Sigismond III/ 1587 – 1632) پادشای پۆلەندا بەریوەدەبردرا (شانی نوف، 1383: 92 - 95) ، لەبەرامبەریشدا شا عەباسی یەکەم بەهۆی سەرقالییەکانی بە شەر لەدژی دەولەتی عوسمانی و ئازادکردنی ئازەربێجان نەپرژایە سەر بارودۆخی سیاسی روسیا، بۆیە هیچ پەیوەندییەکی سیاسی و دبلۆماســی لەنێوان هەردوو ولات ئەنجام نەدرا تا دەســتپێکی فەرمانراوایەتی میخائیل رۆمانۆف( Mikhael Romanov / 1613 – 1645 ) وەك تەزاری نوێی روســیا و دامەزرێنەری زنجیرەی پادشـــایەتی رۆمانۆف کە لەســـالی ( 1613 – 1917ز) لەروســیا حوکمران بوون (نوایی،روابط....، 1377 : 220 ؛ بیات،1387: 301).

میخائیل رۆمانۆف هەر لەســـەرەتای فەرمانراوایەتیەکەیدا لەهەولی ئەودا بووە پاریزگاری لەپەیوەندی ولاتەکەی بکات لەگەڵ دەولەتی ســـەفەوی، بۆیە ســـالێك دوای وەرگرتنی دەسەلات شاندێکی سیاسی بەسەرپەرشتی هەریەکە لە ئەلیکسی بوخاروڤ (Alexi Bokharov)و نیکیتین تیخانوڤ (Nikiteen Tikhnov)رەوانەی ئەســـفەهان دەکات(یویچ کاتف، 2536 :6 ؛ نایب پور، 1390: 28)، بەلام شاندەکەی روسیا بەهۆی سەرقالییەکانی شا عەباسی یەکەم بەجەنگ لە گورجســتان نەیانتوانی لە ئەســفەهان دیدار لەگەڵ شــا عەباســی یەکەم ئەنجام بدەن، بۆیە دواجار لەناوچەی قزل ئاغاج لە گەیلان چاویان بە شای سەفەوی کەوت، لەدیدارەکەدا شاندی روسیا بەناوی تەزاری نوێی روســیا داوای هاوکاریان لەدەولەتی ســەفەوی کرد بۆ لەنێوبردنی یەکێك لەیاخیگەرانی قۆزاق بەناوی زاراوەتســیکی (Zarawateski)لە ناوچەی ئاســتراخان(احمدی،1371 :182-183 ؛ Matthe,2003: 118).

شــا عەباســی یەکەم لەبەرامبەر داواکارییەکەی تەزاری روســیا، ئامادەگی خۆی نیشــاندا کە لەگەڵ روسیا هاوپەیمان دەبێت و هەرکاتێکیش تەزاری روسیا پێویستی بەهاوکاری دارایی یاخود هێز بێت ئەوە دەولەتی سەفەوی دریغی ناکات(جمالزادە، 1372: 148)، بەلام سەبارەت بە ناوچەی ئاستراخان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شـای سـەفەوی هەولیدا خۆی لەو بابەتە بەدوور بگرێت، چونکە دەولەتی سـەفەوی بەشـیوەیەکی ناراسـتەوخۆ یارمەتی پێشـکەش بە(زاراوەتسـیکی) دەکرد وەك کاردانەوەیەك لەبەرامبەر یارمەتییەکانی روسـیا بۆ نارەزایەتییەکانی ئەحمەد خانی گەیلان ، هەروەها چرکردنەوەی هەولەکانیان بۆ پالپشـتیکردنی ئاشـکرای فەرمانراوایانی کاخت و کارتیلی گورجسـتان دژ بەدەولەتی سەفەوی (حسام معزی،1366: 350-351 ؛ لاکهارت،1393 : 48 ؛ تکمیل همایون، 1380: 101).

روسـیا بەهۆی جەنگە دریژخایانە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی، بارودۆخی دارایی بەرەو لاوازی هەنگاوی دەنا، بۆیە تەزاری روسیا لەسەر بنەمای بەلێنەکانی شا عەباسی یەکەم کە لەسالی 1614ز ئامادەگی خۆی نیشاندابوو بەوەی هەرکاتێك تەزاری روسیا پێویستی بە هاوکاری دارایی بێت ئەوە دەولەتی سـەفەوی درێغی ناکات، بۆیە تەزاری روسـیا لەنێوان سـالانی 1616 – 1617ز دوو لە کەسـایەتی دیاری دەربار رەوانەی ئەسـفەهان دەکات بەناوەکانی شـاماتوف(Shamatov)و لیونتیف(Leontev)، بەلام نێردراوەکان نەیانتوانی هیچ دەسـکەوتێك بۆ روسـیا دەسـتەبەر بکەن، چونکە دەولەتی سـەفەوی بەجەنگەکانی لەگەڵ دەولەتی عوسـمانی خەریك بوو، توانای پیشکەشکردنی هاوکاری دارایی نەبوو بۆ روسیا(برازش، 1392 : 518).

شا عەباسی یەکەم ناچار بوو بەلێنەکەی لەبەرامبەر تەزاری روسیا جێبەجێ نەکات، چونکە شەرە بەردەوامەکانی نێوان ( سـەفەوی – عوسـمانی) لەنێوان سـالانی ( 1614 – 1617ز)، هەروەها ناکۆکییەکانی نێوان دەولەتی سـەفەوی و پادشـایەتی ئیسـپانی – پورتوگالی لە کەنداو وایکرد رێگا بازرگانییەکانی ناو خاکی عوسـمانی و کەنداوی فارسـی لەبەرامبەر دەولەتی سـەفەوی ببەسـترێت، ئەمەش کاریگەری گەورەی دروسـتکرد لەسـەر ئابووری دەولەتی سـەفەوی(رنجبر و دیگران، 1391: 63-64)، لەم رووەوە شا عەباسی یەکەم بۆ رزگارکردنی دەولەتی سەفەوی لەو گەمارۆدانە ئابووریە، بیری لە سـوود وەرگرتن لەخاکی روسـیا کردەوە بەمەبەسـتی هەناردەکردنی کالا بازرگانییەکانی ولاتەکەی بۆ ئەوروپا بەتایبەت ئاوریشـم، بەلام بەهۆی خراپی بارودۆخی ناوخۆیی روسـیا نەتواندرا بەشـێوەیەکی فراوان پەرە بە پەیوەندییە بازرگانییەکان بدرێت، هەرچەندە بۆ ئەم مەبەسـتە شـا عەباسـی یەکەم نێردەی تایبەتی خۆی بەناوی محەمەد کازم رەوانەی مۆسـکۆ دەکات بۆ ئەوەی بە تەزاری روسـیا رابگەیەنێت کە پێویسـتە دەولەت پارێزگاری لەکاروانە بازرگانییەکانی دەولەتی

سەفەوی بکات کە بەخاکی روسیاوە رووەدەکەنە ئەوروپا، بەلام ئەم داواکاریەی شا عەباسی یەکەم لەلایەن کاربەدەستانی روسیاوە نەتواندرا جێبەجێ بکرێت(Matthe,1999: 92-93).

شیاوی باسکردنە لەنێوان سالانی 1617 – 1618ز دوو پێشهاتی سیاسی گرنگ بوونە هۆکار بۆ ئەوەی تارادەیەکی زۆر ئاراستەی بازرگانی دەولەتی سەفەوی لە ریگای ( روسیا – ئەوروپا) بەرەو کەمبوونەوە بروات، بەتایبەت لەدوای بەستنی پەیماننامەی ئاوریشم لەسالی 1617ز لەنێوان دەولەتی سەفەوی و کۆمپانیای هیندی رۆژهەلاتی ئینگلیزی، پاشان لەسالی 1618ز بەستنی رێکەوتنامەی سەراو کە کۆتایی هێنا بەشەری ( سەفەوی – عوسمانی) ، ئەمانەش کاریگەریان دروستکرد لەسەر دەولەتی سەفەوی بۆ ئەوەی جارێکی دیکە رووبکاتەوە رێگای بازرگانی لیڤانت و کەنداو بە بیانووی ئەوەی رێگای روسیا نائارامە و حکومەتی روسیاش یارمەتی پێشکەش ناکات بە بازرگانانی نێوان هەردوو ولات(برازش، 1392 : 519 ؛ بیانی،1318: 197).

سەرەرای هەنگاوەکانی شا عەباسی یەکەم لە کەمکردنەوەی ئاراستەی بازرگانی دەولەتی سەفەوی لە ریگای ( روسیا – ئەوروپا)، بەلام رووسەکان بەهۆی گرفتاریان بە خراپی بارودۆخی ناوخۆیی ولات و جەنگیان لەگەڵ پۆلەندا ئامادەنەبوون پەیوەندییەکانیان لەگەل دەولەتی سەفەوی بپچرێنن، بەلکو بەردەوامیاندا بەناردنی شاندە سیاسییەکانیان، بۆ ئەم مەبەستە تەزاری روسیا لەسالی 1618ز شاندێکی گەورەی سیاسی کە پێك دەهات لە 150 کەسایەتی بەسەرپەرشتی هەریەکە لە پێرانس پیترۆڤیچ باریاتنسکی(Perans Petrovich Baryatinski)و ئیڤان ئیڤانۆڤیچ (Ivan IvanovIch)رەوانەی ئێران کرد( بلان، 1375 : 268 ؛ فلسفی، زندگانی... ، جلد دوم، 1391: 1092 ).

شاندە سیاسییەکەی روسیا لە ئەسفەهان بە روونی مەبەستی هاتنەکەیان بۆ شا عەباسی یەکەم خستەروو، لەوانە بەهۆی خراپی بارودۆخی دارایی روسیا لە ئەنجامی شەرە بەردەوامەکانی لەگەل پۆلەندا، ئەگەر دەولەتی سەفەوی یارمەتی دارایی پیشکەش بە ولاتەکەیان بکات، ئەوە تەزاری روسیا ئامادەیە قەوالەیەکی فەرمی بدات بەدەولەتی سەفەوی کە تێیدا شاری ئاستراخان وەك گرێنتی بدرێت بە شای سەفەوی لەبەرامبەر گەراندنەوەی بری ئەو یارمەتییە داراییەی کە دەیەوێت بیدات بە ولاتەکەیان(بیانی، ج1، 1329 : 310 ؛ احمدی،1371 : 183 )، بەلام شا عەباسی یەکەم بە بیانووی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی ولاتەکەی بەم نزیکانە لەشـــەرە بەردەوامەکانی لەگەڵ دەولەتی عوســمانی رزگاری بووە، بۆیە خۆی لەو بابەتە بەدوور گرت، تەنها ئەوە نەبێت لەرێگای فەرمانیکەوە ئازادی بازرگانی بەخشـــیە بازرگانە رووسەکان لە نیو خاکی دەولەتی سەفەوی(کجباف و دیگران، 1397: 8).

لەلایەکی دیکەوە شاندە سیاسییەکەی روسیا داوای ئازادکردنی لوارساب دووەم والی دوورخراوەی کارتیل گورجستانیان لە شا عەباسی یەکەم کرد، کە ناوبراو لەسالی 1614ز دوای شکستخواردنی بەرامبەر سوپای سەفەوی دەستگیر دەکریت و دووردەخریتەوە بۆ شیراز، هەرکە لەلایەن شاندە سیاسییەکەی روسیا ئەم داوایەی لێدەکرێت، شا عەباسی یەکەم دەلێت" .... بەدبەختانە هەوالمان پیگەیشـت کە لوارسـاب لەکاتی راوەماسـیدا کەوتۆتە ناو ئاو و خنکاوە، ئەلبەتە ئەگەر زیندووبوایە ئەوە بەخۆشحالییەوە داوای برام تەزاری روسیام جێبەجی دەکرد[4]"(کریمی، 1393 : 27 ؛ جمالزادە، 1372: 153).

شـاندە سـیاسـییەکەی روسـیا بەبێ ئەوەی هیچ دەسـکەوتێك دەسـتەبەر بکات لەسـالی 1619ز گەرانەوە مۆسـکۆ، لەوکاتەوە بەدواوە تامردنی شـا عەباسـی یەکەم لەسـالی 1629ز جگە لەناردنی چەند شاندیکی بازرگانی لەلایەن تەزاری روسیا بۆ دەولەتی سەفەوی هیچ پەیوەندییەکی سیاسی – سەربازی شك نابرێت، رەنگە هۆکارەکەشی بگەرێتەوە بۆ سەرقال بوونی هەردوو ولات بە کێشەو گرفتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانیان، لەم رووەوە دەولەتی سـەفەوی سـەرقالی جەنگ بوو لەکەنداوی فارسی دژ بە پادشایەتی ( ئیسپانی – پورتوگالی)، لەبەرامبەردا روسیاش بەردەوام بوو لە شەرەکانی لەگەڵ پۆلەندا و سوید(ولایتی،1374: 211؛ برازش، 1392 : 522).

**ئەنجامەکان:**

1- لەسـەردەمی شـا عەباسـی یەکەمدا ئاراسـتەی رِوداوەکان بەشـێوەیەکی گشـتی گۆڕانی بەسـەرداهاتوە،درێژی تەمەنی دەوڵەتەکەی و سـەقامگیری سـیاسـی و دەرفەتی بەرقەراری هەمووی بەیەکەوە فراوانبونی سنورداری پەیوەندی سیاسی لەگەل وڵاتانی ئەوروپا بەگشتی و روسیا بەتایبەتی هێناکایەوە، بەجۆرێك پەیوەندییەکان پێشـوەچونی بەخۆوە بینیوە کە بەهیچ جۆرێك بەسەردەمەکانی پێشخۆی بەراوردناکرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- گەیشتنی شا عەباسی یەکەم بەدەسەڵاتی ڕەها لەئێرانی سەفەویدا لەخۆڕا نەبووە، بەڵکو دوای هەوڵ وماندووبونێکی زۆر توانیویەتی بگاتە ئەو پلەیە، بۆیە کەسێکی پلاندارێژەر و سەرکەوتوو بووە،بۆ ئەم مەبەستەش هەرکارێکی ئەنجامدابێت زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە،بەشێوەیەك هیچ کارێکی سیاسی یاخود سەربازی بەبێ بوونی هۆکارێکی مەنتیقی ئەنجامنەداوە،هەر هەمووشی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیەکی ورد بۆ ئەنجامەکانی کراوە.

3- هەرچەندە رووسیا لەسەرەتادا لە چوارچێوەی بازرگانی سەیری پەیوەندییەکانیان دەکرد لەگەڵ دەولەتی سەفەویدا، بەشێوەیەك کە تەزاری روسیا خوازیاری پێشکەوتنی ئەو پەیوەندییانە بوە،چونکە روسەکان کەوتنە بیرۆکەی ئەوەی کە بازاری پر سوودی ئێران تەنها قەتیس نەبێت بۆ عوسمانی و پورتوگالییەکان، بەتایبەت بەرهەمی ئاوریشم کە لەناوچەکانی شیروان گەیلان لەنزیك سنوورەکانی روسیا بەرهەمدەهاتن، بۆ ئەم مەبەستە رووسەکان هەولەکانیان چر کردەوە بۆ ئەوەی بەشێك لەبەرهەمەکانی هەناردەی دەولەتی سەفەوی بەتایبەت ئاوریشم لە رێگای زەمینی روسیا هەناردەی ئەوروپا بکرێت بۆ ئەوەی ئەوانیش لەبەشێك لەقازانجەکانی سوودمەند ببن.

4- سەقامگیری سیاسی لەسەردەمی شا عەباسی یەکەم دەرفەتێکی زێرینی بۆ دەولەتی سەفەوی هێنا پێشەوە، کە شاندە سیاسی و بازرگانیەکانی روسیا بەردەوام لەئیران هاتووچۆیان هەبێت، بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی بەتین لەگەڵ دەولەتی سەفەوی، بەتایبەت پاش ئەوەی مەترسی لەشکرکێشی دەولەتی عوسمانی و نزیك بوونەوەی لە سنورەکانی روسیا، زەنگێکی مەترسیدار بوو بۆ ئەم ولاتە، بۆیە داواکاری شا عەباسی یەکەم لەبەرقەرارکردنی هاوپەیمانی سیاسی – سەربازی لەگەڵ روسیا ، هەناسەیەکی ئارامی بەخشیە دەسەلاتدارانی روسیا، بۆیە هەموو هەولەکانیان خستەگەر بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەولەتی سەفەوی پەرە پێبدەن بەمەبەستی کردنەوەی بەرەیەکی دیکەی شەر لە لەدژی دەولەتی عوسمانی.

5- سەرەرای پەیوەندییە سیاسییەکەیان ، بەلام هەردوو ولات لە هەولی ئەوەدابوون نەیارەکانی یەکتر لەدژی یەکتر دالدەبدەن و هاوکاری سەربازیان پێشکەش بکەن، ئەمەش زۆرجار لە ئالوگۆرکردنی شاندەکان وەك بابەتێکی سەرەکی باسی لێوەکراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6- خراپی بارودۆخی روسیا لەرووی دارایی بەهۆی شەرە بەردەوامەکانی لەگەڵ پۆلەندا، هەروەها ریککەوتنامەی سەراو لەنێوان ( عوسمانی - سەفەوی) لەلایەك و پەیماننامەی ئاوریشم لەگەڵ کۆمپانیای هیندی رۆژهەلاتی ئینگلیزی وایکرد دەولەتی سەفەوی تارادەیەك پەیوەندییەکانی لەگەڵ روسیا بەرەو کەمبونەوە بیات.

**پەراوێزەکان:**

(1) ناوی ئێران لەسەرەتادا بە وڵاتی فارس هاتووە،ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ هۆزێکی فارسی کەلەساڵی 900 پێش زاین نیشتەجێی باشوری وڵات بوونەو توانیان ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی دابمەزرینن، دوای ئەوەی ئەم ئیمپراتۆریەتە لەسەردەستی ئەسکەندەری گەورە لەناوچوو،کەچی ئەو شوێنە جوگرافیاییە بەناوی وڵاتی فارس لەناو یۆنانیەکان بڵاوبۆوەو پاشانیش ئەوروپاییەکان و عەرەبەکان ئەم زاراوەیان بەکارهێنا، ئەم ناوە بەردەوام بوو تاکو سەردەمی فەرمانراوایەتی رەزا شا،بەڵام لەساڵی 1935ز بەفەرمانی رەزا شا ناوەکەی گۆڕدا بۆ ئێران . ( ولبر، 1958: 1؛ النجار و اخرون ، 1984: 199).

(2) لە دواین قۆناغی جەنگی بیست ساڵەدا شا تەهماسب هێرشەکانی چڕ کردەوە لەسەر سوپای عوسمانی، هەر ئەمەش وایکرد کە جارێکی دیکە سوڵتان سلێمان قانونی لەساڵی 1553ز هێزەکانی عوسمانی ئامادە بکات بە مەبەستی هێرشکردنە سەر ئێران، بەڵام بەر لە گەیشتنیان بۆ نەخچەوان، شا تەهماسبی یەکەم بریاریدا باڵوێزی خۆی بەناوی (فەرخ زادە) بە مەبەستی بەستنی پەیماننامەی ئاشتی بنێرێتە دەرباری عوسمانی، لەبەرامبەردا سوڵتان سلێمان قانونی بە پێشنیارەکەی شا تەهماسبی یەکەم قایل دەبێت و پەیماننامەی ئاشتی ئاماسیا لەساڵی 1555ز لەنێوان هەردوولادا بەسترا ، بە گوێرەی رێکەوتننامەی ئەماسیا کە خۆی لە چەند بەندێکی کەم دەبینێتەوەو بەپێی تەرازووی هێزەکانی هەردوولا ئەرمەنستان و گورجستان و کوردستان و بەشێکی عەرەبستان بەسەر هەردوو دەوڵەتدا دابەشکران و ناوچەی قارس بە بێلایەن و قەڵاکانی بەخاپوری بهێڵێرێتەوە، هەردوو لایەنیش بریاریاندا کاربەدەستانی سنوور کێشەو ئاژاوە دروست نەکەن و داڵدەی راکردووەکانی یەکتر نەدەن. بۆ زانیاری زیاتر بگەرێوە بۆ: (ترکمان، 1387: 79 ؛ Flannery,2013: 22 ؛ Allouche,1983:144 ؛ Ates, 2013: 20 ).

[3] سەبارەت بە دمیتری کە دواتر دەناسرێت بە دمیتری درۆزن برای تەزاری رووسیا فیۆدۆری یەکەمە، بەلام بەهۆی بالادەست بوونی بۆریس گودونف کە ئەوکات پۆستی سەرۆك وەزیرانی هەبووە، توانی ناوبراو لەگەڵ دایکی لەمۆسکۆ دوربخاتەوە، پاشان کە گودونف دەبێتە تەزاری رووسیا بانگەشەی ئەوە دەکات کە دمیتری کوژراوە، بەلام لەدوای مردنی ناوبراو ، دیمتری بەهاوکاری سوپای پۆلەندا دەتوانێت لەسالی 1605ز بگەرێتەوە مۆسکۆ، لەوێش بەخۆشحالییەوە لەلایەن خەلك پێشوازی لێ دەکرێت و دەسەلات وەردەگرێت، بەلام بەهۆی توندوتیژی و سیاسەتی خوێنرێژی تەنها سالێك لەحوکمرانی دەمێنێتەوە پاشان لەلایەن پیاوماقولانی دەرباری روسیا لەسالی 1606ز دەکوژرێت و لە مەیدانی گەورەی مۆسکۆ لاشەی دەسوتێنرێت، پاشان پاشماوەی لاشەکەی بەستراو بە تۆپێکی ئاگرین بەئاراستەی پۆلەندا دەتەقێنرێت. بۆ زیاتر زانیاری بگەرێوە بۆ : (جمالزاده، 1372: 144 - 146).

[4] شا عەباسی یەکەم بەر لەهاتنی شاندەکەی روسیا لەرێگای یوسف خان فەرمانراوای شێروان ئاگاداری داواکاری شاندە سیاسییەکەی روسیا کراوەتەوە، بۆیە بەر لە ئەنجامدانی دیدار لەگەڵ شاندەکە لەرێگای فەرمانێکەوە لە سالی 1618ز داوا لە ئیمام قلی خان فەرمانراوای فارس دەکات لوارساب دووەم والی دوورخراوەی کارتیل لە ناوبات( فلسفی، زندگانی... ، جلد دوم،1391 : 1094).

## لیستی سەرچاوەکان:

### 1- گەشتنامە


- تکتاندر فن دریابل ، ژرژ (1351ه.ش)، ایتر پرسیکوم(گزارش سفارتی به دربار شاه عباس اول) ، ترجمه : محمود تفضلی،انتشارات بنیاد فرهنگ ایران، تهران.
- شرلی،انتونی،(1387ه.ش)،سفرنامه برادران شرلی، ترجمه: اوانس، به کوشش: علی دهباشی،مؤسسه انتشارات نگاه، تهران.
- یویچ کاتف، فدت افاناس ،(2536 شاهنشاهی)، سفرنامه، ترجمه: محمد صادق همایون فرد، انتشارات کتبخانەی ملی ایران، تهران.


### 2 -کتێبەکان:

### أ/ کتێبەکان بە زمانی فارسی:

- احمدی ، مریم میر(1371ه.ش)، تاریخ سیاسی ،اجتماعی ، اقتصادی و فرهنگی در عصر صفوی ، انتشارات امیر کبیر ، تهران.
- برازش، امیر حسین(1392ه.ش)، روابط سیاسی – دیپلماتیك ایران و جهان در عهد صفویه، انتشارات امیر کبیر، تهران.
- بلان، لوسین لویی (1375ه.ش)، زندگی شاه عباس ، ترجمه: ولی الله شادان، انتشارات اساطیر، تهران.
- بیات، عزیز الله(1387ه.ش)،کلیات تاریخ تطبیقی ایران، انتشارات امیر کبیر، تهران.
- بیانی, خانبابا(1318ه.ش), تاریخ ایران(نهضت ها), شرکت تضامنی علمی, بی جا.
- بیانی, خانبابا(1329ه.ش), تاریخ عمومی تفوق و برتری اسپانیا(1559 - 1660), ج1,دانشگاه تهران، تهران.
- پورایران، عباس(1384ه.ش)، روابط ایران و عثمانی در عهد صفویان، نشر دستور، مشهد.
- تاج بخش، احمد(1362ه.ش)، سیاست های استعماری روسیه تزاری، انگلستان و فرانسه در ایران، نشر اقبال، تهران.
- ترکمان ، اسکندر بیگ(1387ه.ش)، عالم ارای عباسی، جلد اول و نیمی از جلد دوم، با اهتمام و تنظیم : ایرج افشار ،مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران.
- تکمیل همایون، ناصر(1380ه.ش)، نقد و بررسی ایران شناسی در گرجستان تأثیرات متقابل تاریخی و فرهنگی ایران گرجستان( مجموعه مقالات)، مرکز چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه، تهران.
- جمالزاده، محمد علی(1372ه.ش)، تاریخ روابط روس و ایران، بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار، تهران.
- جنابدی،میرزا بیگ بن حسن(1378ه.ش)، روضه الصفویه، چاپ غلامرضا طباطبایی مجد، تهران.
- حسام معزی، نجف قلی(1366 ه.ش)، تاریخ روابط سیاسی ایران با دنیا، نشر علم، تهران.
- سیوری، راجر(1385ه.ش)، ایران عصر صفوی ، ترجمه : کامبیز عزیزی، نشر مرکز ، تهران.
- شانی نوف, نیکلا بریان(1383ه.ش),تاریخ روسیه از اغاز تا انقلاب اکتبر، ترجمه: خانبابا بیانی، دانشگاه تهران، تهران.
- صفاکیش، حمید رضا(1390ه.ش)، صفویان در گذرگاه تاریخ، انتشارات سخن، تهران.
- علی بیگ، اروج بیگ بن سلطان(1338ه.ش)، دون ژوان ایرانی ، ترجمه: مسعود رجب نیا، تهران.
- فلسفی، نصرالله(1391ه.ش)، زندکی شاه عباس اول، جلد دوم، مؤسسه انتشارات وچاپ نگاه تهران،تهران.
- کالیستوف، د.پ و دیگران(1361ه.ش)،تاریخ روسیه شوروی، ترجمه: ح. کامرانی، چاپ و نشر بیگوند، تهران.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- کولاگینا، لودمینا و یلینا دونایوا(1388ه.ش)، تاریخ شکل گیری مرزهای روسیه با ایران، ترجمه: الکساندر چلوخادزه، به کوشش: بهرام امیر احمدیان، نشر سازمان جغرافیایی نیروهای مسلح، تهران.
- لاکهارت، لارنس(1393ه.ش)، انقراض سلسله صفویه، ترجمه: اسماعیل دولتشاهی، چاپ چهارم، انتشارات علمی و فرهنگی،تهران.
- مشکور، محمد جواد(1372ه.ش)، تاریخ ایران زمین، انتشارات اشراقی ، تهران.
- منجم یزدی، ملا جلال(1366ه.ش)، تاریخ عباسی یا روزنامه ملا جلال، به کوشش: سیف الله وحیدنیا، انتشارات وحید، تهران.
- مهدوی، عبدالرضا هوشنگ(2535 شاهنشاهی)، تاریخ روابط خارجی ایران از ابتدای دوران صفویه تا پایان جنگ دوم جهانی(1500-1945)، چاپ دوم، انتشارات امیر کبیر ،تهران.
- نوایی، عبدالحسین(1366ه.ش)، ایران وجهان،جلداول، چاپ سوم، مؤسسه نشر هما، تهران.
- نوایی، عبدالحسین(1377ه.ش)، روابط سیاسی و اقتصادی ایران در دورەی صفویه، سازمان سمت، تهران.
- وحید قزوینی، میرزا محمد محمد طاهر(1383ه.ش)، تاریخ جهان ارای عباسی، به تصحیح: سید سعید میر محمد صادق، نشر پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران.
- ولایتی، علی اکبر( 1374ه.ش)، تاریخ روابط خارجی ایران در عهد شاه عباس اول صفوی، چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه، تهران.

**ب/ کتێبەکان بە زمانی عەرەبی:**

- ولبر، دونالد(1958م) ، ایران ماضيها وحاضرها ، ترجمه : عبدالنعيم محمد حسنين ،مراجعه،ابراهيم امين الشواربى، القاهرة.
- النجار، مصطفى عبدالقادر و اخرون(1984م)، تاريخ الخليج العربي الحديث والمعاصر،مطبعة جامعة البصره، البصرة.

**ج/ کتێبەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

- Allouche, Adel (1983), **The Origins and Development of the Ottoman - safavid Conflict (906 - 962 /1500 - 1555)**, herausgegeben von: Klaus Schwarz, Berlin.
- Ates, Sabri (2013), **ottoman – Iranian borderlands: making a boundary 1843 – 1914**, Cambridge university press.
- Flannery, John M. (2013), **the Mission of the Portuguese Augustinians to Persia and Beyond (1602-1747**), U. S.A

- Korpela, Jukka Jari (2019), **Slaves from the North: Finns and Karelians in the East European Slave Trade, 900 – 1600**, (Brill – Boston), USA.
- Matthe, Rudolph p. (1999), **the politics of trade in safavid Iran: silk for silver1600-1730**, London, Cambridge university press.
- Matthe, Rudolph p. (2003), **Anti-Ottoman Concerns and Caucasian Interests. Diplomatic Relations between Iran and Russia**, in: Michel M. Mazzaoui, ed., Safavid Iran and Her Neighbors, University of Utah Press.
- Parry, V.J. & others (1976), **a history of the Ottoman Empire to 1730**, Cambridge University press, London.
- Perry, Glenn Earl (1997), **The Middle East: fourteen Islamic centuries**, UK.
- *Tucker, Spencer C. (2009), **A Global Chronology of Conflict: From the Ancient World to the Modern Middle East: From the Ancient World to the Modern Middle East 1500-1774**, Vol 2, Oxford, England.*
- Vernadsky, George (1969**), a history of Russia**, Yale University press, London.

**٤ -وتار و لێکۆلینەوەکان:**

**ا/ بە زمانی فارسی:**

- رنجبر، محمد علی و دیگران،( تابستان 1391ه.ش)، روابط تجاری ایران و روسیه در دوره دوم حکومت صفویه، فصلنامه تاریخ روابط خارجی، شماره(51) ، مرکز مطالعات سیاسی و بین المللی وزارت امور خارجه، تهران.
- کجباف, علی اکبر و دیگران( بهار 1397ه.ش)، بررسی ابعاد تحولات روابط ایران با روسیه در دوره صفویه، فصلنامه پژوهش های تاریخی( علمی – پژوهشی)، سال دهم، شماره اول، دانشگاه اصفهان.
- کریمی،علیرضا(پایز1393ه.ش)، روابط ایران و روسیه در دوره صفویه طی سال های 1100 – 1080ق ، فصلنامه تاریخ روابط خارجی ، شماره (60)، مرکز مطالعات سیاسی و بین المللی وزارت امور خارجه، تهران.
- نایب پور، محمد(مرداد 1390ه.ش)، مناسبات ایران و روسیه از صفویه تا زندیه، ماهنامه کتاب ماه تاریخ و جغرافیا، شماره(159)، تهران.

**ب/ بە زمانی ئینگلیزی:**

- Yaghobi, Ebrahim and Sivash yari(2012), **political structure and administrative system of poshtkooh (Ilam) in the period of valian**, life science journal,(vol,9-no:4), Zhengzhou university, china.

# Foreign relations of the Safavid state with Russia During of Shah Abbas I (1587 - 1629)

**Prof. D. Khalil Ali Murad**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
khalil.murad@su.edu.krd

**Mustafa Muhammad karem**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Mustafa.karem@su.edu.krd

**Keywords**: *Safavid, Russia, alliances, politics, delegation, relations.*

## Abstract
The Safavid state during the reign of Shah Abbas I was in conditions characterized by high political relations. Its relations branched out into Europe, as geographical factors were not an obstacle to establishing political and economic relations with those European countries.On the political side, the results of those relations were not happy for Shah Abbas I, but they were able to build for Iran a basis in its friendly and cooperative relations to some extent with European countries in general, and with Tsarist Russia in particular, and this achievement is one of the prominent features of the period of Shah Abbas I.This study consists of three topics, the first topic deals with political relations between the two countries before the rule of Shah Abbas ,While the second topic is devoted to talking about the political relations of Shah Abbas with Tsarist Russia between the years (1588-1605), at the beginning it emphasized the Astana Treaty (Farhad Pasha) between the Safavid and Ottoman states and its effects on Iranian-Russian relations, then at the end of the topic it was devoted to talking about normalization Relations during the reign of the Russian Tsar (Boris Godunov), who played a fundamental role in forming the tripartite alliance (Safavid - Russian -

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Holy Roman Empire) against the Ottoman Empire.Concerning the third topic entitled (The political relations of Shah Abbas I with Tsarist Russia) between the years (1605-1629) dealt with the internal conditions of Russia after the death of Boris Godunov and its effects on Russian foreign policy, and this led to the Iranian-Russian relations and its relative course towards more weakness. But after Mikhail Romanov took over the reins of power, relations took their real line again, but Shah Abbas I, under the pretext of his war with the Ottoman Empire and his treaty with the English East India Company (the Treaty of Silk), neglected his relationship with the Russians and put them behind his back to some extent. This caused an increase in apathy and deterioration in their relations until the death of Shah Abbas I in 1629.

## العلاقات الخارجية للدولة الصفوية مع روسيا في عهد الشاه عباس الأول(1587-1629)

**خلاصة**

كانت الدولة الصفوية خلال فترة حكم الشاه عباس الأول في ظروف تميزت بالعلاقات السياسية الراقية. وقد تفرع علاقاتها الى اوربا, اِذ أن العوامل الجغرافية لم تكن عائقاً أمام ايجاد العلاقات السياسية والاقتصادية مع تلك البلدان الاوربية. في الجانب السياسى،أن نتائج تلك العلاقات لم تكن منفرحة لشاه عباس الأول , ولكن استطاعت أن يبنى لايران أساساً في علاقاتها الودية والتعاونية الى حد ما مع البلدان الاوربية بوجه عام, ومع روسيا القيصرية بوجه خاص, وهذا الانجاز يعد بأحدى السمات البارزة لفترة الشاه عباس الصفوي. تتكون هذه الدراسة من ثلاثة مباحث, تناول المبحث الأول(العلاقات السياسية بين البلدين قبيل حكم الشاه عباس الأول), ولاسيما تم تسليط الضوء على العلاقات بين الدولتين منذ بداية تكوين الدولة الصفوية الى ابعاد الشاه محمد خدابنده من السلطة سنة 1587م, بينما خصص المبحث الثاني للحديث عن العلاقات السياسية لشاه عباس مع روسيا القيصرية مابين السنوات (1588 – 1605م), ففي البداية أكدت على معاهدة أستانة( فرهاد باشا) بين الدولتي الصفوية والعثمانية وبيان تأثيراتها على العلاقات الايرانية الروسية, ثم بعد ذلك تم تسليط الضوء على تطبيع العلاقات وتهدئتها, ولاسيما في عهد القيصر الروسي( بوريس جودونف), الذي لعب دوراً أساسياً في تكوين التحالف الثلاثي( الصفوي – الروسي- الامبراطورية الرومانية المقدسة) ضد الدولة العثمانية. فيما يخص بالمبحث الثالث الموسومة ب ( العلاقات السياسية لشاه عباس الأول مع روسيا القيصرية) مابين السنوات (1605 – 1629م) تناول عن الأوضاع الداخلية لروسيا القيصرية بعد وفاة بوريس جودونف وبيان تأثيراتها على السياسة الخارجية الروسية, وقد أدت ذلك على العلاقات الايرانية – الروسية وسيرها نسبياً نحو ضعف أكثر, ولكن بعد أن تولى زمام السلطة من قبل ميخائيل رومانوف, أخذت العلاقات خطها الحقيقي لمرة أخرى, ولكن الشاه عباس الاول بحجة وذريعة حربه مع الدولة العثمانية وعقد (معاهدة الحرير) مع شركة الهند الشرقية الانجليزية, اهملت علاقته مع الروسيين وجعلهم وراء ظهره الى حدما, وقد تسبب ذلك الى ازداد الفتور و تردي في علاقاتهما الى وفاة الشاه عباس الاول سنة 1629م.

**الكلمات الداله /** الصفوية ، روسيا ، تحالفات ، السياسة، وفود, العلاقات.